# تۆ و بیست و چوار دەمژمێر

پەسار فایق
Pasar_pna@yahoo.com

دەمژمێر یەك

بیری تۆم دەكرد
تۆش هەنگاوێكی
درێژی نێوان خۆت و منی.

دەمژمێر دوو

بیری تۆم دەكرد
بۆ هەڵمژینی هەناسەیەكی تۆ
پێویستیم بەهەڵمژینی
ساردترین هەناسەی ژیانە.

دەمژمێر سیٚ

بیری تۆم دەكرد
تۆش لە ئاسمانێك
هەمووی بیٚ حەزی تۆیە،
نە چاوت سەفەری خەو دەكات
نەسەفەری یەكجاری بینینی من.

دەمژمێر چوار

بیری تۆم دەكرد
ئەزانی تۆ ئارمترین و
جوانترین و
خۆشترین بەرهەمی ژیانی

بۆ من؟.

**دەمژمێر پێنج**

بیری تۆم دەکرد
تۆش دوورگەیەکی بزر
لەناو گەورەترین
دەریای بێنازی.

**دەمژمێر شەش**

بیری تۆم دەکرد
تۆش بەردەوام
بێدەنگیت ...
دووریت ...
ونبوونت ...

**دەمژمێر حەوت**

بیری تۆم دەکرد
ئەو هەنگاوانەی
نێوان من و تۆ
زۆر درێژترن
لە هەنگاوی
نێوان من و خودا.

**دەمژمێر هەشت**

بیری تۆم دەکرد
تۆ بارانێکی
لەکاتی بارینت

جوانترین هەستم

تەڕ دەکەیت.

<u>دەمژمێر نۆ</u>

بیری تۆم دەکرد

هەست بەو هێڵە

ناسك و نەرمانەی

خۆشەویستی نێوان

تۆ و خۆم دەکەم.

<u>دەمژمێر دە</u>

بیری تۆم دەکرد

چاوەڕێی بینینی تۆم

بۆ ئەوەی فرمێسکە بێنازەکانی

خۆم ئەمجارەیان

بەدەستەکانت ئاشنا بکەم.

<u>دەمژمێر یانزدە</u>

بیری تۆم دەکرد

چاوەکانت دەرگایەکی

فراوانتر لە ئاسمان

ئارامی و داهاتووی

تێدا دەبینم.

<u>دەمژمێر دوانزدە</u>

بیری تۆم دەکرد

پێویستیم بەهەموو دەمژمێرەکانە

بۆ ئەوەی پێت بڵێم
خۆشمدەوێی.

**دەمژمێر سێزدە**

بیری تۆم دەکرد
باڵات لە درەختێکی پایزی دەچێت
لەجیاتی ئەو هەموو گەڵا زەردانە
گشت خەونەکانم
خۆیان بەتۆ هەڵواسیووە.

**دەمژمێر چواردە**

بیری تۆم دەکرد
تەنها تۆ دێتە بەرچاوم
جگە لەتۆش ژیان
هیچ ئارامییەك بەخۆیەوە نابینێت.

**دەمژمێر پانزدە**

بیری تۆم دەکرد
نازانم تۆ ئەو کەسەی
کە ببێتە
هاوڕێی هەموو حەزەکانم.

**دەمژمێر شانزدە**

بیری تۆم دەکرد
نەهاتی بۆ ئەوەی
بە ئاسمانێکی جیاوازدا
بفڕین.

**<u>دەمژمێر حەڤدە</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**ئەوە تۆی**

**گشت جارێك**

**لەکاتی خەوتنمدا**

**دێیت ماچم دەکەیت؟**

**ئەی بۆ ئێستاناییت؟**

**<u>دەمژمێر هەژدە</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**تۆش چەند ژمێرێك**

**لەدووری نێوانمان.**

**<u>دەمژمێر نۆزدە</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**من باس لەمردنی**

**گەڵا پایزییەکانت بۆ دەکەم**

**تۆش باسی**

**درەختە سنۆبەرە یاخیبووەکانم**

**بۆ دەکەیت.**

**<u>دەمژمێر بیست</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**لەهەموو دەمژمێرەکانی دیکە**

**زیاتر خۆشمدەوێی.**

**<u>دەمژمێر بیست و یەک</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**کە تورە دەبی**

**نازانم تورەییت**

**لە هەور**

**یان لە دەریا دەچێت.**

**<u>دەمژمێر بیست و دوو</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**بێ تۆیی دەمکات**

**بەزۆر شت**

**تەنانەت دەمکات بە تۆش.**

**<u>دەمژمێر بیست و سێ</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**چەند هەنگاوێک بەرەو**

**تۆ دەنێم**

**تۆش تەنها یەک هەنگاو بنێ.**

**<u>دەمژمێر بیست و چوار</u>**

**بیری تۆم دەکرد**

**هەر بیری تۆم دەکرد.**